# بەڵشەڤیزم و پرسی ژن

## ڤلادیمیر لینین

وەرگێرانی: سەلام عەبدوڵا

کۆمەڵێک کورتە وتاری لینین

International Working Women's Day,
Fifth International Congress Against Prostitution,
Civilised Europeans and Savage Asians,
Fourth Anniversary of the October Revolution

**Vladimir Lenin**

# ڕۆژی جیهانی ژنانی کارگەر

**ڤلادیمیر لینین**

مەسەلەی ناوەڕۆک و سەرەکی لە بۆلشەفیزم و شۆڕشی ئۆکتۆبەری رووسی لەوە پێکهاتووە کەئەوانەی زۆر لە سایەی سەرمایەداری دەچەوسانەوە، بۆ کاری سیاسی راکێشاوە. ئەوانە چ لە ژێر سایەی پاشایەتی یا لە ژێر سایەی بۆرژوازی دیموکراتی، سەرمایەداری دەتلانەوە، فێڵ و ڕاوڕووتیان دەکردن، تا موڵکایەتی تایبەتی زەمین، کارگە باڵادەست ببێ، ئەوا ئەو ستەمە، فێڵکردن و راوڕووتکردنی کاری گەل لەلایەن سەرمایەدارانەوە، بەناچاری درێژەی دەبێ.

ناوەڕۆکی بۆلشەفیزم و دەسەڵاتی شوورایی لەسەر بەرتەسکردنی هەموو دەسەڵاتی دەوڵەت بەدەستی جەماوەری زەحمەتکێش و رەنجبرانە و لەتەکیدا درۆزنی دیموکراسی بۆرژوازی و دووڕوویییەکەی رسوابکرێ و موڵکایەتی تایبەتی زەمین، کارگەو فابریکەکان لەناوببرێن. ئەم جەماوەرە دەقاودەق سیاسەت بەدەستی خۆی دەگرێ، واتە ئەرکی دامەزراندنی کۆمەڵگای نوێ. ئەم ئەرکە سەختە و جەماوەریش لەلایەن سەرمایەدارییەوە شێتکران و دەتلانەوە، بەڵام هەرگیز هیچ ئامرازێک نییە و ناشبێ هەبێ بۆ رزگاری لە کوێلایەتی کاری کرێگرتە و لە کۆیلایەتی سەرمایە.

ئێمە هەرگیز ناتوانین بەبێ راکێشانی ژنان بۆ سیاسەت، جەماوەر رابکێشین، و لەراستیدا نیوەی رەگی مرۆڤایەتی، واتە ژنان لە سایەی سەرمایەداریدا، دووبەرابەر دەچەوسێنەوە. ژنە کرێکارو جووتیارەکان لەلایەن سەرمایەدارانەوە دەچەوسێنەوە، سەرباری ئەوەش لە دیموکراسیترین کۆماری بۆرژوازی دیموکراتی هیچ مافێکیان نییە. لەیاساکاندا، ئەو مافانە کە بۆ پیاوان دابینکراون، بۆ ژنان دابین نەکراون، پاشان ئەمە مەسەلە بنەڕەتییەکەیە لەژێر فشاری کۆیلایەتی ناوماڵ دەمێننەوە، کۆیلەی کاری ناوماڵن. ئەو کارەی کە سەخترین و شێتانەترین کارە؛ کاری موبەقە و بەگشتی بە کاری ناوماڵ خێزانی تاک تاک هیلاک دەکرێن.

هیچ حیزب و شۆڕشیک لە جیهاندا نییە وێرابیتیان وەک شۆڕشی بەلشەوڤی ریشەی چەوساندنەوەی ژنان و نابەرابەریان بەو قوڵاییە لە ڕیشەوە ببڕن. لەلای رووسیای سۆڤێتی ئێمەدا، هیچ ئاسەوارێکی نایەکسانی

یاسایی لەنێوان ژن وپیاو نەماوە. دەسەڵاتی سۆڤیتی هەموو ئەو نایەکسانییە بۆگەن و دزێو و زۆر دوورووە لەبارەی مافەکانی هاوژینیەتی و خێزان و نایەکسانی پەیوەندییدار بە منداڵەکانەوە، نەهێشت.
ئەوە تەنها یەکەم هەنگاوە بەرەو رزگاری ژنان، لەگەل ئەوەشدا هیچ یەکێک لە کۆمارە بۆرژوازییەکان، تەنانەت ئەویان کە زۆر دیموکراتیترە ئەو بوێرییەی نییە، ئەم هەنگاوە سەرەتاییە بنێ. نەبوورییان لەترسی موڵکایەتی تایبەتی زۆر پیرۆزەوە سەرچاوەی وەرگرتووە.
ئەمما دووهەم هەنگاو-ئەمیان هەنگاوی بنەڕەتییە- لەناوبردنی موڵکایەتی تایبەتی زەمین و کارگەکانە. ئەم هەنگاوە بەتەنیا رێگا لەبەردەم ئازادی تەواو و راستەقینەی ژنان دەکاتەوە، لەبەردەم ئازادی لە کۆیلایەتی کاروباری ناوماڵ بەوەی کە لە ئابووری بچوکی تاک ناوماڵ بۆ ئابووری گەورە دەگوێزێتەوە.

ئەم گواستنەوەیە سەختە، و لێرەدا مەبەستمان گۆڕینی سیستێمێکە کە خاوەن ڕەگێکی قووڵە لە ڕواڵەدا توندوتۆڵ و بەتوانا دەردەکەوێ بەڵام لەراستیدا هیچ نییە، بەڵکو قەباحتێکی بەربەرییە و لەگەل ئەوەشدا، ئەم گواستنەوەیە دەستپێکرد، کار دەستی پێکرد... و بە رێگای نوێدا دەڕۆین.
کرێکارانی ژن لە هەموو جیهان کە لە خۆپیشاندانێکی ئێجگار زۆر بەیادی رۆژی ژنانەوە کۆبوونەتەوە، سڵاو بۆ رووسیای شوورەویی دەنێرن کە دەستی بەکارێکی سەخت و ئەوپەڕی ماندووکەر کردووە، بەڵام کارێکی بەرێزە و بایەخێکی جیهانی هەیە و بەراستی کارێکی رزگارکەرە. ئەو بانگەوازە نەترسانە بەرزدەبنەوە بۆ چۆکنەدان لەبەردەم بۆرژوازی کۆنەپەرەستی دڵڕەق و لە زۆرجاریش دڕندە.
هەرئەندازە وەڵاتی بۆرژوازی زیاتر ''ئازاد'' و ''دیموکراسی'' بێ، هێندە ستەمکاری چەتە سەرمایەدارەکان توندوتیژتر دەبێ و هێندەش کاری ئابڕووچوانە و ڕسواکارانەی زیاتر دژی شۆڕشی کرێکاری ئەنجامدەدرێ. نموونەی ئەمە، ئەو کۆمارە دیموکراسییەیە کەناوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای باکورە، بەڵام کرێکار وەک پێکهاتێکی جەماوەری، بێداربووەتەوە.
جەنگی ئیمپریالیستی، بۆ دواجار جەماوەری نەبزیو و خەولێکەوتوو یا خەواڵو لە ئەمریکا و ئۆرۆپا و رۆژهەڵاتی دواکەوتوو، بێدارکردەوە.
سەهۆڵبەندەکە لە هەموو جیهان لێکترازا.
ئازادی گەلان لە ستەمی ئیمپریالیزم وئازادی کرێکارانی پیاوو ژن لە ستەمی سەرمایەداری بەشێوەیەک بۆ پێشەوە دەڕوا کە هەرگیز گەرانەوەی نیە، ئەم مەسەلەیە لەلایەن دەیان و سەددان ملیون کرێکارو

جووتیاری ژن و پیاوەوە بۆ پێشەوە ئاراستە دەکرێ، بۆیە ئەم مەسەلەیە، مەسەلەی ئازادی کار لە ستەمی سەرمایە، لەهەموو جیهاندا سەردەکەوێ.[1]

1921/3/4

## پێنجەم کۆنگرەی جیهانی دژ بە سۆزانی

**ڤلادیمیر لینین**

بەم دواییانەدا، لە لەندەن **پێنجەمین کۆنگرەی جیهانی لە دژی بازرگانی بە ژنان** دەستپێکرد. دۆقەکان، کۆنتیسەکان، ئەسقوف و قەشەکان، حاخامەکان، فەرمانبەران و پۆلیس و، هەموو جۆرە پیاوە بۆرژوا خێرخوازەکان لیهاتوویی خۆیانیان پیشاندا! بەم بۆنەیەوە مێزی خواردنی ئاهەنگەکە و ئاهەنگی پێشوازیکردنی گەورە بەرێکراو وتار لەبارەی زیان و نزمی سۆزانی خوێندرایەوە!

بەڵام ئامرازەکانی ئەو خەباتە چ بوون کە ئەو نوێنەرە بۆرژوازییە رێکپۆشانەی ئەو کۆنگرەکەیە، داوایانکرد؟ دوو ئامرازی سەرەکیان پێکهێنابوو: ئاین و پۆلیس. هەردووکیان وەک خۆیان دەڵێن، متمانەترین و دابینترین ئامرازن لە دژی کاری سۆزانی!
یەکێک لە نوێنەرە ئەنگلیزییەکانی کۆنگرەکە شانازی بەوە دەکرد-وەک هەواڵنێری **رۆژنامەی گەل** کە لە لایپزک دەردەچێ، رایگەیاند- لە پەرلماندا یاسای سزای جەستەیی بەرێکردووە بۆ ئەوانەی کاری زیناکاری بەرێوە دەبەن. ئەمەیە پاڵەوانی **شارستانی** بۆ لەناوبردنی سۆزانی.
خانمێکی کەنەدی خۆشحاڵی خۆی دەرخست بۆ پۆلیس و چاودێری پۆلیسی ژن لەسەر ژنە ''بێ رەوشتەکان''، بەڵام لەبارەی زیادکردنی کرێی کاری کرێکارانی ژن، تێبینی ئەوەی هەبوو کە ئەو ژنانە شایەنی زیادکردنی کرێی کار نین.
قەشەیەکی ئەڵمانی، بەربڵاوبوونی مەتریالیستی سەردەم کە لەنێو گەلدا لەزیادبووندایە، مەحکومکردو، بەبڕوای ئەم، ئەو مەتریالیستییە دەبێتە هۆی بڵاوبوونی خۆشەویستی ئازاد.

کاتێ گونتەر (نوێنەری نەمسا) هەوڵیدا مەسەلەی هۆ کۆمەڵایەتییەکانی سۆزانی، دەستکورتی و کۆڵەواری خێزانە کرێکارییەکان، سەرمایەگوزاری بە کاری منداڵ، مەسەلەی نیشتەجێبوون کە بوو بە کێشەیەکی لەرادەبەدەر، هتد...، بوروژێنێ، **بە هاتوهاواری دوژمنکارانە، ناچاریان کرد، بێدەنگ بێ!**
بەڵام نوێنەرەکان بەخۆیان باسی لایەنی ئامۆژگاری و ئاهەنگێڕانە لەبارەی پایەبەرزەکان کرد. بۆ نموونە کاتێ ئیمبراتۆری ئەڵمانیا لە بەرلین سەردانی خانوویەکی منداڵهێنان دەکا و بۆ ئەوەی خاوەن شکۆ بە وێنەی ئەو دایکانە هاوسەرگیریان نەکردووە، ئەنگوستیلە دەکەن بە پەنجەی منداڵە"ناشەرعییەکان"!
ئا لێرەوە دەتوانین بزانین چ دووڕوویەکی قیزەوەنی بۆرژوازی لەو کۆنگرە ئەریستوکراتییە بۆرژوازییانە،باڵادەستە. ساختەچییەکانی کارە خێرخوازییەکان و پشتگیرکەرە پۆلیسییەکان لە گاڵتەجاڕی بە نەداری و پەککەوتەیی لەپێناو''لەناوبردنی سۆزانی'' کە رێک لەلایەن ئەریستوکرات و بۆرژوازییەکانەوە پشتیوانی دەکرێ، کۆدەبنەوە.[2]

1913/7/13

## ئەورووپییە شارستانییەکان و رۆژهەڵاتییە دڕندەکان
## ڤلادیمیر لینین

رۆتشتاین (سۆسیال دیموکراتی بەناوبانگی ئەنگلیزی) لە رۆژنامەکانی ئەلمانیادا، باسی رووداوێکی نموونەیی پڕمانای کرد کە لە هیندستانی ئەنگلیزی روویداوە. ئەم رووداوە بە زمانێکی زۆر پاراو، هۆی بەپەلە پەرەسەندنی شۆڕش لەم وەڵاتە کە دانیشتوانەکەی ٣٠٠ ملیون کەسە، دەردەخا.
رۆژنامەوانی ئەنگلیزی ئارنۆڵد کە لە رانغۆن (شارێکی گەورەیەو ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە ٢٠٠ هەزار کەس) لە یەکێک لە هەریمەکانی هیندستان، رۆژنامەیەک دەردەکا، وتارێک لەژێر ناوی : **گاڵتەجاڕی بە دادگایەکی بەریتانی** بڵاوکردەوە، تێدا رسوای دادوەری ئەنگلیز ئاندریو لە هەرێمەکە کرد. دادگا، لەبەر بڵاوکردنەوەی ئەو وتارە، ئارنۆڵد بە ساڵێک زیندانی سزادا، بەڵام رۆژنامەوانەکە بەدوای کێشەکەوە رۆیشت و خۆیی گەیاندە لای گەورە پایەبەرزەکان لە لەندەن، ئەوەش لەبەر پەیوەندییەکانی بەو ناوەندانەوە. حکومەتی هیند بەپەلە، سزاکەی بۆ٤ مانگ کەمکردەوە و ئارنۆڵدشیان ئازاد کرد.
داخۆ لەبەر چی بوو بە ئاشکرا؟

خۆشەویستەکەی کۆلۆنیلی لەشکری ئەنگلیز **ماک-کرۆمیک**، کیژۆلەیەکی هیندی تەمەن١١ساڵی خزمەتکارێکی هەبوو. ماک-کرۆمیک، ئەم نوێنەرە کارامەی نەتەوەی شارستانییەت، ئانای کیژووڵە خستووەتە داوی خۆی و زەوتیکردووە و لە ماڵەکەی خۆیدا زیندانی کردبوو.

بەڕێکەوت باوکی ئانا لەسەر جێگای مەرگ بوو، وبەڕێکای کەسێکەوە داوای کچەکەی کردبوو، لەم کاتەدا، دانیشتوانی گوندەکە لە مەسەلەکە تێگەیشتن؛ لە توندی توڕەبوونیانەوە، راپەڕین و پۆلیسیان ناچارکرد، بڕیاری دەستگیرکردنی ماک-کرۆمیک، دەربکەن.

بەڵام ئاندریوی دادوەر، بە کەفالەت ئازادی کرد و لەپاشاندا، پاش چەند گەمەیەکی شەرمێزانە بە یاسا، ماک-کورمیک بێ تاوان کرا!

کۆلۆنیلی بلیمەت، وەک کرداری هەموو ئەشرافە بەڕێزەکان، لەم جۆرە حاڵەتانە، گوتی ئانا سۆزانییە، و پێنج شایەتی هێنابوو بۆ سەلماندی قسەکەی، بەڵام ئەندریۆی دادوەر لەئاست ئەو هەشت شایەتە کە باوکی ئانا هێنابوونی، تەنانەت ئامادەش نەبوو گوێشیان لێ بگرێت! و کاتێ ئەرنۆڵدی رۆژنامەنووس بەتاوانی بوختانکردن سزادرا، سەرۆکی دادگا **فوکس**، رێگایی پێنەدا، کێشەکە بەپشتبەستن بە بۆچوونی شایەتەکان، بسەلمێنێ.

ئاشکرایە بۆ هەموو لایەک کەوا ئەم جۆرە چیرۆکانە لە هیندستان بە هەزاران و ملیونان جار ڕوودەدەن، بەڵام بارودۆخێکی سەرسوڕهێنەر وایکرد، ''ئارنۆڵدی درۆزن'' لە زیندان دەربچێ و مەسەلەکەی ئاشکراکرد.
ئێمە نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە لیبراڵە ئینگلیزەکان لەسەرووی فەرمانبەرایەتی لە هیندستاندا پیاوە نوخبەکانکانیان دادەمەزرێنن. دەمێکە نووسەری رادیکالی ناسراو **جۆن مۆرلی** و **ئەستێرەی ئاڵای ئەوروپییەکان** و **پیاوی لە ڕادە بەدەر بەڕێز** لە چاوی هەموو لیبراڵە ئۆرووپی و رووسەکان، پایەداری جێگری پاشای هەیە لە هیندو-سەرۆکی ماک-کرۆمیک و ئاندریو و فوکس و ئەوانی ترە.

لە رۆژهەڵاتدا روحی **ئەوروپی** بێداربووەتەوە: گەلانی رۆژهەڵات بە هووشیارییەکی دیموکراسییانە، هووشیاربووتەوە.3

## بەبۆنەی یادی چوارەمین ساڵی شۆڕشی ئۆکتۆبەر

(کورتکراوە)

## ڤلادیمیر لینین

ئایا گرنگترین فینۆمینەکان، پاشماوە وجێماوەی رەنجبەری لە رووسیا لەساڵی١٩١٧، چی بوون؟ موڵکایەتی، پلەوپایە، موڵکایەتی زەمین، بارودۆخی ژنان، ئاین، چەوساندنەوەی نەتەوەکان. ئەگەر هەر یەک پاشماوەی>گەورەکانی ئۆجیاس< کە تا رادەیەکی لەبەرچاودا، ببینین- ئەمە هەر بەم بۆنەیەدا دەڵێم-، لە لایەن هەموو دەوڵەتە پێشکەوتووەکانەوە بەباشی پاکژ نەکران کاتێ بۆرژوازی شۆڕشە دیموکراسییەکان پێش١٢٥ساڵ و٢٥٠ ساڵ و زیاتریش **١٦٤ لە ئەنگلستان** بەرپاکرد. ئەگەر تەماشای هەر یەک لەو گەورە ئۆجیاسانە بکەین، دەبینن ئێمە پێکڕا هەموویانمان پاکژکرد. لەماوەی نزیک بە دە هەفتە، نەک زیاتر، لە ٢٥ی ئۆکتۆبەرەوە- نۆڤەمبەری١٩١٧تا پێنجی یەنایری١٩١٨، لەم بوارانەدا هەزار کەڕەت زیاتر کردەوەمان ئەنجامدا لەوەی دیموکراتە بۆرژواکان ولیبراڵەکان و دیموکراتە خوردەبۆرژواکان لەماوەی هەشت مانگی دەسەلاتدارییەتییان ئەنجامدا.

ئەو ترسنۆک و فرەڕێسانە، ئەو خۆپەرەستانە کە ئاشقی خۆیانن؛ ئەو هاملێت ئاسایانە لە پێوەرەرێکی بچوک، شمشێرێکی مەقەبایان بەدەستەوە بوو. ئەوانە تەنانەت پاشایەتیشیان لەناو نەبرد! ئێمە پاشایەتی زبڵ بەشێوەیەک بەتاڵ کرد، لە هیچ رابردوویەکدا هیچ کەس پێ نەکراوەو بەرد لەسەر بەردو خشت لەسەر خشتی ئەو خانووە بەرزە کە سەدان سەدە درێژەی هەبوو، نەهێشتەوە. ئەپارتمانی زنجیرەی پلەوپایەی پێشکەوتووترین وەڵات وەک ئەنگلستان، فەرەنسا و ئەلمانیا تا هەنوکەش لە پاشماوەی ئەو زنجیرەیە رزگاریان نەبووە. قووڵترین رەگی ئەو زنجیرەیە، واتە پاشماوەی دەرەبەگایەتی و رەنجبەری لە موڵکایەتی زەمین، گشتیمان لە رەگەوە دەرهێنا. دەتوانین جەدەل بکەین **لە دەرەوەدا بە گوێرەی پێویست هونەرمەند، جەماعەتی کادێت، مەنشەفییەکان و سۆسیال شۆڕشگێڕەکان هەن بۆ چوونە ناو ئەم جەدەلە** لەبارەی زانینی ئەوەی سەرەنجام چی بەسەر ئەم ریفۆمی کشتوکاڵییە دێ کە شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن ئەنجامی دەدا. ئێمە ئیمڕۆ پێمانخۆش نیە کات لەسەر ئەم جەدەلە بدۆڕێنین، چونکە ئێمە بە خەبات ئەم جەدەلە و جەدەلەکانی تری چارەسەر دەکەین. بەڵام ناکرێ جەدەل لە دژی ئەو راستییە بکەین کە دیموکراتە خوردەبۆرژواکان بەدرێژایی هەشت مانگدا لەگەل موڵکدارەکانی زەمین کە رەنجبەری

دەپـارێزن،''رێککەوتن''، بەڵام ئـێمە لەمـاوەی چەنـد هەفتەیەکـدا هەمـوو ئەو خـاوەن زەمینـانە وهەمـوو نەریتەکانیان وەک یەک لەسەر رووی زەمینی رووسیا، گسکدا.

بـڕوانن، ئـاین، یـا نەبـوونی مـافی ژنـان و چەوسـانەوەی نەتەوە غەیـرە رووسـەکان و نایەکسـانبوونیان لە مافەکان چییان لیکرا. هەموو ئەوانە کێشەگەلێکن پەیوەستیان بە شۆڕشی بۆرژوازی دیمـوکراتییەوە هەیە. پیساییەکانی ناو ریزەکانی خوردەبۆرژوا دیموکراتەکان بەدرێژایـی هەشـت مانگـدا لەو بـوارانەدا فرەبێژەیـان دەکـرد؛ و تـاقە دەوڵەتێـک لەنێـو پێشـکەوتووترین دەوڵەتەکـانی جیهـان، ئەو کێشـانە تـا کۆتـاییەکەی بە روحێکـی دیمـوکراتی بـۆرژوازی چارەسـەر نەکـرد، بەڵام لەلای ئـێمە، یاسـاکانی شۆڕشـی ئۆکتـۆبەر تـا کۆتاییەکەی چارەسەریانی کرد. ئێمە دژایەتی ئاینمان کرد و بەراسـتی دژایەتـی دەکەیـن و هەمـوو نەتەوە غەیرە رووسەکان کۆمار و ناوچەی سەربەخۆ ئۆتۆنۆمی تـایبەت بەهەموویـان دا، چیـتر رووسـیا ئەم چەشـنە نزمی و تاوانانە نازانێ، ئەو نزمییە، مەبەستمان نەبوونی ماف یا یەکسانی ژنانە، ئەم پاشـماوە قیزەوەنـانەی چەرخە ناوەڕاستەکان لەهەموو وەڵاتانی دنیا لەلایەن هەموو بۆرژوای چاوچنۆک و خوردە بۆرژوای گەمـژە و ترسنۆکەوە تازەدەکرێنەوە.

ئەمانە هەموویان ناوەڕۆکی شۆڕشی بۆرژوازی دیموکراتییە. پێشـی سـەدوپەنجا و دووسـەد و پەنجـا سـاڵ، رابەرە پێشکەوتووخوازەکانی ئەم شۆڕشـە، گفتیـان بە گەلان دا، مرۆڤـایەتی لە ئیمتیازاتەکـانی سـەدەکانی ناوەڕاست؛ نایەکسانیبوونی ژنان، پێشکەشکردنی خزمەتکـردن لەلایەن دەوڵەتەوە بەم یـا ئەو ئـاین، بیـری ئاینی، بەگشتی لایەنگرتنی ئاینی و نایەکسانبوونی نەتەوەکـان لەنـاوببەن. ئەوان ئەو پەیـمانە جێبەجێیـان نەکرد و لە تواناشیان نەبوو پەیمانەکەیـان جێبەجـێ بـکەن، چـونکە ''رێزلێنـان''... **موڵکـایەتی تـایبەتی خاوەن پیـرۆزی رەها** کەوتە نێوانیـانەوە. شۆڕشـە پڕۆلیتارییەکەمـان نە ئەو''رێزلێگـرتنە'' بـۆ پاشـماوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست هەبوو نە بۆ ئەو'' موڵکایەتی تایبەتیە فرە پیرۆز''ە. [4]

## دەسەڵاتی سۆڤێت و بارودۆخی ژنان

بەیادی تێپەڕوونی دوو ساڵ لەسەر دامەزراندنی دەسەڵاتی سۆڤێتی، دەبێ بە گشتی چاوێک بەم دەورانە بگێڕین تابزانین چی جێبەجێکراوەو، بە هزریش لە گرنگی و ئامانجی بەسەرهاتی ئەو وەرچرخانەیە کە رویدا، وردبیینەوە.

بـۆرژوازی و لایەنگیرەکـانی، بە پێشـێکردنی دیموکراسـی تاوانبارمـان دەکەن. بەڵام ئـێمەش دووپـاتی دەکەینەوە کە شۆری سۆڤێتی، پاڵدانێکی بێوێنەی دا بە گەشەسەندنی هەمەلایەنەی دیموکراسـی لە سـەر ئاستی جیهان، سەرباری ئەوەش، ڕێک دیموکراسییەتێکە بۆ جەماوەری زەحمەتکـێش، واتە دیموکراسـی لەپێنـاو زۆربەی هەرە زۆری گەل؛ بـۆ ئەو جەمـاوەرە کە سـەرمایەداری دەیانچەوسـێنێتەوە. کەواتە، دیموکراسـی سۆسیالیسـتی **لە پێنـاو کـارگەران** نـاکۆکە لەگەل دیموکراسـی بـۆرژوازی لەپێنـاو **سەرمایەگوزارەکان، سەرمایەداران و دەوڵەمەندەکان**.

کەواتە کێ لەسەر هەقە؟

تێڕامان وتێگەیشتنێکی قووڵ بۆ ئەم چمکە، واتە تـاقیکردنەوەی ئەم دوو سـاڵە لەبەرچـاوبگرین و لەپێنـاو گەشەپێدانییدا، خۆمان بەشێوەیەکی باشتر بۆی ئامادەبکەین.

بارودۆخی ژنان، جیاوازی لەنێوان دیموکراسی بۆرژوازی و دیموکراسی سۆسیالیستی بە ڕوونییەکی لەبەرچاو دەردەخا، بەهەمان شێوەش وەلامێکی ڕوون بە پرسیارەکە دەداتەوە.

ژنان لە هیچ کۆمارێکی بۆرژوازی (واتە لەو شـوێنە کە موڵکـایەتی تـایبەتی، زەمـین و کارگەکـان بەڕێـوەوە دەبەن) گەر دیموکراتیترین کۆماریش بێ و نە لەهیچ شوێنێکی جیهاندا، تەنانەت لە هـیچ دەوڵەتێکـی زۆر پێشکەوتووشدا، تەواوی مافەکانی خۆیان وەرنەگرتووە. ئەمە، سەرەڕای تێپەڕبوونی پتر لە سـەد و بیسـت و پێنج ساڵ لەسەر شۆڕشی فەرەنس گەورە (بۆرژوازی دیموکراتی-1789-1794).

دیموکراسی بۆرژوازی بە قسە، گفتدەدا بە یەکسانی و ئازادی، بەڵام بەکردەوە هـیچ کۆمـارێکی بـۆرژوازی، تەنانەت پێشکەوتووتریشیان، نە بەپێی یاسا، یەکسانی تەواو بە ژن وەک نیـوەی مرۆڤـایەتی لەگەل پیـاو، داوە، نە ئازادیان لە دەسەڵات و چەوسانەوەی پیاوان.

دیموکراسی بۆرژوازی، دیموکراسی دەربڕینی زل و درۆیە، گوتەی شکودار، گفتـی زەردوسـوور و درووشـمی قەبە لەبارەی ئازادی و یەکسانییە؛ بەکردەوەش، نەبوونی ئازادی و یەکسانی بۆ ژنـان و نەبـوونی ئـازادی و یەکسانی بۆ کارگەران و چەوساوەکان دەشارێتەوە.

دیموکراتی شوورایی یا سۆسیالیستی نەفرەت لە دەربڕینی زل و درۆزنـانە دەکـاو جەنگـی بەرفـراوان لەدژی ریاکـاری دیمـوکراتە موڵکـدارەکانی زەوی و سـەرمایەداری رادەگەیەنـێ، هەروا لە دژی ئەو جووتیـارە

دەوڵەمەندانە کە بە فرۆشتنی دانەویلە بە نرخێکی گرانبەها بە کرێکاران و برسییەکان، خۆیان دەوڵەمەند دەکەن.
دەبا ئەو درۆ رسواکراوە بڕۆخێ! هەرگیزاو هەرگیز قەت رۆژێک یەکسانی لەنێوان چەوساوەکان و چەوسێنەران و ژێردەستەکان و سەردەستەکان نابێ. هەرگیزاو هەرگیز قەت رۆژێک ئازادی راستەقینە نابێ، تا ژنان لەو ئیمتیازاتانە کە یاسا بۆ پیاوان بەهێزدەکا، رزگاریان نابێ؛ تا کرێکاران لە دەسەڵاتداری سەرمایە رزگاریان نەبێ؛ تا جووتیارە زەحمەتکێشەکان لە دەسەڵاتی سەرمایەداری و موڵکدارە عەقارییەکان و بازرگانییەکان رزگاریان نەبێ.
با درۆزن و دووڕووەکان، دەوڵەمەندەکان و بۆژوازییەکان و لایەنگرەکانیان، بە فرەبێژی لەبارەی ئازادی بەشێوەیەکی گشتی و یەکسانی بەشێوەیەکی گشتی و بە دیموکراسی بەشێوەیەکی گشتی، گەل هەڵخەڵەتێنن.
بەڵام ئێمە بە کرێکاران و جووتیاران دەڵێین: ئەو دەمامکانە لەسەر رووی ئەو درۆزنانە لابەن، چاوی ئەو نابینانە بکەنەوە و پرسیاربکەن:

- یەکسانی کامە جنس لە گەل کام جنس؟
- کامە نەتەوە لەگەڵ کام نەتەوە؟
- کامە چین لەگەڵ کام چین؟
- ئازادی لە کامە دەسەڵات یا کام چین؟ ئازادی بۆ کاک چین؟

ئەوی سەبارەت بە سیاسەت، دیموکراسی، ئازادی، یەکسانی و سۆشیالیزم دەدوێ و ئەم پرسیارانە لە پلەی یەکەم دانەنێ و لە دژی شاردنەو پۆشین ئەو پرسیارانە خەبات نەکا، ئەوا دوژمنترین کارگەرانە، گورگێکە لەبەرگی مەڕ ودوژمنێکی سەرسەخت و زەرەرمەندی کرێکاران و جووتیارانە و خزمەتکاری موڵکدارە عەقارییەکان، پاشا و سەرمایەدارەکانە.
لەماوەی دوو ساڵدا، لە وەلاتێکدا، لە دواکەوتووترین وەلاتانی ئۆروپا، دەسەڵاتی شوورایی لە پێناو ئازادی ژنان و یەکسانیبوونیان لەگەل جنسی بەهێز زیاتری کرد لەوەی کە هەموو کۆمارە پێشکەوتوو وشارەزاو دیموکراتەکانی هەموو جیهان لەماوەی ١٣٠ساڵ کردوویانە.
چراکان، کلتوور، شارستانییەت و ئازادی، هەموو ئەم ووشە قەبانە لە هەموو کۆمارە سەرمایەدارو بۆرژوازی لە هەموو سەرزەمیندا لەگەل یاساگەلێک بەوپەڕی قیزەوەنی کۆدەبنەوە؛ بە قیزەوەنییەکی زۆر بەربلاو و

وەحشیگەرییەکی شڕ لەبارەی نایەکسانی یاساییەوە لەبواری زەواج و جیابوونەوە و نایەکسانی لەبارەی منداڵی شەرعی و ناشەرعی، بەرژەوەندی پاراستنی پیاوان و بێچارە و تەوهینکردن بە ژنان.

دەسەڵاتی سەرمایە، هەوڵی موڵکایەتی تایبەتی پیرۆز، ئیستبدادی گەمژەیی بۆرژوازی بچوک و چاوچنۆکی موڵکداری بچوک، ئەمانە ڕێگریان لە دیموکراتیترین کۆماری بۆرژوازی کرد، دەستکاری ئەو یاسا قیزەوەن و پوچەڵانە نەکرێ.
کۆماری شوورایی، کۆماری کرێکاران و جووتیاران هەموو ئەو یاساما بە یەک لێدان ڕایماڵی و بەرد لەسەر بەردی خانووی بەرزی درۆزنی و دووڕوویی بۆرژوازییەوە نەهێشت.
دەبا ئەو درۆیانە بڕوخێن! دەبا ئەو درۆزنانە کە دەم لە ئازادی و یەکسانی بۆ هەموو دەکووتن، کەچی چینی چەوساوە، موڵکایەتی تایبەتی سەرمایەداری هەیە؛ بەشیان لە پشکەکاندا هەیە؛ کەسانێ هەن لەبەر دانەوەیلەی لەبەر رۆییوو تێربوون و برسییەکانیش کۆیلەدەکەن، نەخێر، ئازادی بۆ هەموان نییە، نەخێر یەکسانی بۆ هەموو نییە، بەڵکو خەبات لەدژی چەوسێنەران و سەرمایەگوزاران و لەناوبردنی توانای چەوساندنەوە و سەرمایەگوزاری. ئەمەیە درووشمی ئێمە!
ئازادی و یەکسانی بۆ ڕەگەزی چەوساوە!
ئازادی و یەکسانی بۆ کرێکاران و جووتیارانی زەحمەتکێش!
خەبات لەدژی چەوسێنەران و سەرمایەداران و کۆلاکی جامباز!

ئەمە درووشمی خەبات و حەقیقەتی پرۆلیتاریمانە؛ حەقیقەتی خەباتمان دژ بە سەرمایەداری؛ ئەو حەقیقەتە کە لەتەکیاندا رووبەڕووی جیهانی سەرمایەداری و دەربڕینە هەنگوینی، مەرایی و قەبەکراوەکانی لەبارەی ئازادی و یەکسانی بەشێوەیەکی گشتی و ئازادی و یەکسانی بۆ هەموو، بووینەوە.
ئێمە، ڕێک لەبەر ئەوەی ئەو دەمامکی ئەو ریاکارییانە پارچەپارچەکرد و بە سووربوونێکی شۆڕشگێڕانەوە ئازادی و یەکسانی بۆ چەوساوەکان و کارگەران لەدژی چەوسێنەران، سەرمایەداران و کۆلاک جێبەجێدەکەین، هەر بۆیە دەسەڵاتی شووراکان زۆر لە دڵی کرێکارانی هەموو دنیا خۆشەویست بووە. هەر لەبەر هەمان هۆ، لە رۆژی یادکردنەوەی ساڵانەی دامەزراندنی دەسەڵاتی شوورایی هەستی جەماوەری کرێکاران و چەوساوان و ڕەنجبراوەکانی هەموو وەردەگرین.

ڕێـک لەبەر ئەو هۆیـانەیە، لەم یـادەدا، سـەرەڕای برسـییەتی وسەرماوسـۆڵ و هەمـوو ئەو کارەسـاتانە کە هێرشــەکەرە ئیمپریالیســتەکان بە رووســیای شــووراییی دەیگەیەنــن، بــڕوای پتەومــان بە درووســتی مەسـەلەکەمادا هەیە؛ بـڕوای پـتەو بەوەی کە دەسـەڵاتی سـۆڤێت بەبـێ چەنـدوچۆن لە هەمـوو جیهانـدا سەردەکەوێت![5]

## پەراویزەکان

1. جلدی42، لاپەڕەی368-370
2. لە رابوتشایا براڤدا، ژمارە 1، 1913/7/13 جلدی23، لاپەڕەی 331ـ332
3. ((پراڤدا))، ژمارە87، 14ـ4ـ1913 بەرگی 23، لا89ـ90
4. لە 14ی ئۆکتۆبەر1921، جلدی44، لا145-147
5. ((پراڤدا))، ژمارە249، 6ـ11ـ 1919 جلدی39، لا 285-288